# دامەزراندن و ئامانجەکانی کۆمەڵەی ژێکاف

هۆگر بهاالدین شریف
زانکۆی سەڵاحەدین، کۆلێژی ئەدەبیات، بەشی مێژوو

پوختە

دامەزراندنی کۆمەڵەی ژێکاف لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە قۆناغێکی گرنگ دادەنرێت لە مێژووی خەباتی نەتەوایەتی ئەو پارچەیەدا. لە دواتریشدا کاریگەری لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی لە پارچەکانی دیکەی کوردستان هەبوو.

جەنگی دووەمی جیهانی هەرچەند جەنگێکی ماڵ وێرانکەر بوو بۆ گەلانی دونیا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بارودۆخی جەنگ لە ئێران دەرفەتێکی بۆ گەلی کورد ڕەخساند، تاکو هەناسەیەکی ئازادی هەڵمژن و بە ئاشکرا خەباتی سیاسی ئەنجام بدەن، لە پێناو گەیشتن بە مافە سیاسیی و نەتەوەییەکانیان. دەتوانین دامەزراندنی کۆمەڵەی ژێکاف، بە هەنگاوە سەرەتاییەکانی دامەزراندنی کۆماری کوردستان دابنێین لە مەهاباد، چونکە هەر ئەم کۆمەڵەیە و بیروباوەڕەکانی بوو، دواتر بووە هەوێنی دامەزراندنی حزبی دیموکرات و دواتریش دامەزراندنی کۆماری کوردستان.

بۆیە ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەك لەم بارەیەوە گرنگی تایبەتمەندی خۆی هەیە لە ڕووی مێژووییەوە، چونکە لێکۆڵینەوەیە لە وێستەگەیەکی گرنگی قۆناغی مێژووی خەباتی سیاسیی گەلی کورد. توێژینەوەکە لە چوار تەوەری سەرەکی پێکدێت، لە تەوەری یەکەمدا تیشك خراوەتە سەر هەلومەرج و هۆکارەکانی دامەزراندنی کۆمەڵەی ژێکاف، لەم بارەیەوە هەوڵدراوە بارودۆخی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە سەروبەندی جەنگی دووەمی جیهانی ڕوون بکرێتەوە و ئەو فاکتەرانەی کە بوونە هۆی دروستبوونی کۆمەڵەکە بخرێتە بەرچاو. تەوەری دووەم تەرخانکراوە، بۆ دامەزراندنی ژێکاف و ئامانجەکانی، لە چەند خاڵێکدا دامەزراند و پەیڕەوی ناوخۆ و ئامانجەکانی ڕوون کراوەتەوە. تەوەری سێیەم تەرخانکراوە بۆ کار و چالاکیی و بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەکە، لەم تەوەرەشدا سەرجەم کار و چالاکیی و بڵاوکراوەکانیان بە چەند خاڵێك خراوەتەڕوو. تەوەری چوارەم و کۆتایی تەرخان کراوە بۆ پەیوەندییەکانی ژێکاف و هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەکە.

**وشە سەرەکییەکان:** کۆمەڵەی ژێکاف، کوردستان، ئێران، جەنگی دووەمی جیهانی، قازی محمد.

## پێشەکی

هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی، هەر وەك چۆن کاریگەی گەورەی لە دوای خۆیی بەجێهێشت لە ئاستی جیهانی، بەهەمان شێوە، بۆ کوردیش کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی گرنگی هەبوو، بزاوتی نەتەوەیی کوردی لە دوای جەنگ هەناسەیەکی وەبەر هاتەوە و کەوتەوە جموجۆڵ، بە تایبەتی لە بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بارودۆخێکی ئەوتۆ دروست بوو، کە لە بەرژەوەندی بزاوتی نەتەوەیی کوردیدا بوو، وەکو دەبینین لە دواتردا بە دروستبوونی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، گەیشتە لوتکەی خەباتی نەتەوەیی.

گرنگی توێژینەوەکە: کۆمەڵەی ژێکاف، کە لە سەروبەندی جەنگی دووەمی جیهانی دروست بوو، بە یەکێك لە دیارترین و گرنگترین کۆمەڵە کوردییەکان دادەنرێت لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیست، کە دواتر ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر پارت و ڕێکخراوە کوردییەکانی دیکە، چەند حزب و ڕێکخراوێکی دیکە لە هەناوی ئەم کۆمەڵەیەوە هاتنە دەر، جگە لەمانەش ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەی هەبووە لە هۆشیارکردنەوەی بیری نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت و پارچەکانی دیکەش. ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زانستی لەبارەی ئەم کۆمەڵەیەوە گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە و دەکرێت ببێتە بەرچاوڕوونییەکی باش بۆ نەوەی نوێ لەمەڕ خەبات و بەرخودانی کورد لەپێناو سەربەخۆیی و ئازادیدا.

ئامانجی توێژینەوەکە: ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکە پیشاندانی خەبات و کار و

مجلّة پۆلیتکنیك للعلوم الإنسانیة والإجتماعیة
المجلد 4 ، العدد 2 ( 2023 )
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 20 سبتمبر 2023
حقوق الطبع والنشر © 2023. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

چالاکییەکانی کۆمەڵەی ژێکاف. ئامانج لە دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە و رەنگدانەوەی لەسەر بیری نەتەوایەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان خراوەتەڕوو.

میتۆدی توێژینەوەکە: بەمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی، پەیڕەوکردنی بنەما زانستییەکان، لە ناوەڕۆکی توێژینەوەکەدا پشتمان بە چەند میتۆدێکی زانستی بەستووە، دیارترینیان میتۆدی شیکاری وەسفییە، هەڵبەت هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی توێژینەوەکە، لە هەندێك شوێن پێویستی بە شیکردنەوە و بەرچاورونی هەبووە، لە هەندێکی شوێنی دیکە پێویستی بە وەسفکردن هەبووە.

گیروگرفتی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیەی ئێمە وەکو هەر توێژینەوەیەکی دیکە، بەدەر نەبوو لە گیروگرفت. کەمی سەرچاوە لەبارەی ژێکاف و دامەزراندنی کۆمەڵەکەوە بە گرفتێکی گەورە دادەنرێت بە تایبەت دەستنەگەیشتن بە بەڵگەنامەکان لەبارەی کۆمەڵەی ژێکاف و دامەزراندنی کۆمەڵەکەوە.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە دابەشکراوەتە سەر چوار تەوەری سەرەکی، لە تەوەری یەکەمدا تیشك خراوەتە سەر هەلومەرج و هۆکارەکانی دامەزراندنی کۆمەڵەی ژێکاف، لەم بارەیەوە هەوڵدراوە بارودۆخی کوردستانی رۆژهەڵات لە سەروبەندی جەنگی دووەمی جیهانی روون بکرێتەوە و ئەو فاکتەرانەی کە بوونە هۆی دروستبوونی کۆمەڵەکە بخرێتە بەرچاو. تەوەری دووەم تەرخانکراوە، بۆ دامەزراندنی ژێکاف و ئامانجەکانی، لە چەند خاڵێکدا دامەزراند و پەیڕەوی ناوخۆ و ئامانجەکانی روون کراوەتەوە. تەوەری سێیەم تەرخانکراوە بۆ کار و چالاکیی و بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەکە، لەم تەوەرەشدا سەرجەم کار و چالاکیی و بڵاوکراوەکانیان بە چەند خاڵێك خراوەتەڕوو. تەوەری چوارەم و کۆتایی تەرخان کراوە بۆ پەیوەندییەکانی ژێکاف و هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەکە.

شیکردنەوەی سەرچاوەکان: لەم توێژینەوەیەدا بیست و شەش سەرچاوەی جۆراوجۆر لە کتێب، گۆڤار و سایتی ئەلیکترۆنی بەکار هێنراون، بەڵام دەتوانین بڵێین گرنگترینیان ئەمانەن:

(چێشتی مجێوەر) سەربوردە و ژیانی هەژاری موکریانییە، کە خۆی هاوسەردەمی کۆمەڵەکە بووە و لە ئەندامە یەکەمینەکانی بووە، گەلێك باس و خواسی لەبارەی دامەزراندن و کار و چالاکییەکانی ژێکاف خستووەتەڕوو. (کتێبی ژێکاف چی بوو؟ چی دەویست؟ چی لێ بەسەرهات؟) لە نووسینی: سید محمد صمدی، ئەمەیش گرنگی خۆی هەیە، جگە لەوەی خۆی زانیاری باشی هەبووە لەسەر ژێکاف لە هەمان کاتدا یەکێك لە دامەزرێنەرانی ژێکافی دواندووە و زانیاری لەبارەوە خستووەتەڕوو، هەروەها کتێبی (گۆڤاری نیشتمانی) جەمال نەبەز، کە کۆکراوەی ژمارەکانی گۆڤاری نیشتمان، زمان حاڵی کۆمەڵەکەیە، هەروەها خۆی لە نزیکەوە چاوی کەوتووە بە عەبدورەحمان زەبیحی، دامەزرێنەری کۆمەڵەکە، جگە لەمانەش چەند کتێبێکی دیکە زانیاری بەسوودیان لێوەرگیراوە لەوانە: (چل ساڵ خەبات)، لە نووسینی قاسملو. کتێبی (کورد لە گەمەی سۆڤیەتدا)، نووسینی نەوشیروان مستەفا. هەروەها (کورد لە بەڵگەنامەکانی سۆڤیەتدا)، لێکۆڵینەوەیەکی زانستی ئەفراسیاو هەورامییە. هەروەها چەندین سەرچاوەی دیکەی گرنگی تێدا بەکار هێنراون.

## تەوەری یەکەم: هەلومەرج و هۆکارەکانی دامەزراندنی ژێکاف

دوای ئەوەی رژێمی پاشایەتی پەهلەوی جێگەی حکومەتی قاجاری لە ئێران گرتەوە، کوردستان لە تاریکیی و ناهەمواریدا بوو، لە سایەی دەسەڵاتی سەربازی رەگەزپەرستییدا، بوارێك بۆ ئازادی و کاری رێکخراوەیی نەمابووەوە. (سەردەشتی، 2011، ل157). تاکو هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی، ئەم بارودۆخە بەردەوامی هەبوو، هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی هاوشێوەی جەنگی یەکەمی جیهانی بۆ کورد خاڵێکی وەرچەرخان بوو. (ماکداوڵ، 2019، ل365).

بەر لە بەرپابوونی جەنگی دووەمی جیهانی، ئێران بێلایەنی خۆی راگەیاندبوو، بەڵام لە ژێرەوە پەیوەندی لەگەڵ ئەڵمانیای نازی دروست کردبوو، پەیوەندییەکان بە ئەندازەیەك پەرەی سەندبوو، ئێران وەکو بنکەیەکی سەرەکیی ئەڵمانی لە دژی یەکێتیی سۆڤیەت بەکار دەهێنرا. لەهەمان کاتدا ئەڵمانیا بە چەك و پارە یارمەتی دامودەزگا دەوڵەتییەکانی ئێرانی دەدا، هەروەها پسپۆر و راوێژکاری ئابووریی و سەربازیی جیۆلۆجی پێشکەش بە ئێران دەکرد، لە لایەکی دیکەوە رەزاشا ئامانجی فراوانخوازی بوو لە ئاسیای ناوەڕاست و ئەودیوی قەفقاس، دەیویست بە هاوکاری ئەڵمانیا بیانخەتە سەر ئێران، دوای هێرشی هیتلەر بۆ سەر یەکێتیی سۆڤیەت، حکومەتی سۆڤیەت بە رەسمی سێ جار لە 26حوزەیران و 19ی تەموز و 16ئابی 1941، حکومەتی ئێرانی ئاگادار کردەوە، کە پێویستە سنوورێك بۆ چالاکییەکانی ئەڵمانیا لە ئێران دابنێت. (سابیر، 2011، ل9). لە پاش ئاگادارکردنەوە و گوێپێنەدانی رەزاشا، هێزەکانی هاوپەیمانان، کە پێکهاتبوون لە وڵاتانی ئەمریکا و یەکێتیی سۆڤیەت و بەریتانیا، لەپێناو لەناوبردنی نفوزی ئەڵمانیا لە ئێران و گەیاندنی چەك و تەقەمەنی بە یەکێتیی سۆڤیەت، بڕیاریاندا هێرش بکەنە سەر ئێران و لە (1941/8/25)ز لەشکری سوور لە باکوورەوە و لەشکری ئەمریکا و بەریتانیا لە باشووری ئێرانەوە هێرشیان هێنا و ئێرانیان داگیرکرد.

رژێمی رەزاشا نەیتوانی هیچ بەربەرەکانییەك بەرانبەر بە لەشکری هاوپەیمانان بکات. (ئەمین، 2007، ل62). هێرشی هاوپەیمانان بووە هۆی هەڵوەشانەوەی لەشکری ئێرانی و لە کارلادانی رەزاشا و زۆری لێکرا تاکو وڵات جێبهێڵێت، دەوڵەت کۆنترۆڵی بەسەر ناوچەکانی ژێردەسەڵاتیدا نەما، بەتایبەت لە ناوچە دوورە دەستەکان. (زادە، 2008، ل52). ئەم بارودۆخە نوێیە هەناسەیەکی ئازادی بە خەڵکی ئێران بەخشی بە کوردستانیشەوە، بەندکراوە سیاسییەکان ئازادکران، سانسۆر نەما، خەڵکی ئازادبوو لە هەر جۆرە جلوبەرگێك کە دەیپۆشن و بە هەر زمانێك کە دەیانەوێ قسە بکەن، هەروەها کۆمەڵێ پارت و رێکخراوی سیاسی دروست بوون. (قادر، 2010، ل82). خەڵکی ئەوەندە جەور و ستەمیان بە دەستی رژێمی رەزاشا دیتبوو ، هێرشی هێزە بیانییەکان و داگیرکردنی وڵاتیان لەلایەن بێگانەوە پێخۆشتربوو لە دەسەڵاتی رەزاشا، تەنانەت لە کاتی هاتنی هێزەکانی سۆڤیەت بۆ ناوچەی موکریان، شاعیرەکان ئەوانیان (بە هاتنی فریشتەی ئازادی و مژدەهێنەری ئازادی) وەسف دەکرد، پاش بۆمبارانکردنی هێزەکانی ئێران لەلایەن هێزی ئاسمانی سۆڤیەتەوە خەڵکی بەو بۆمبانەیان دەگوت (بۆمبی رەحمەت). (سابیر، 2011، ل11). دەبێت ئەوەش بڵێین زەبر و توندوتیژی رەزاشا لە کوردستان بارودۆخێکی وای خوڵقاندبوو تەنانەت پاش رووخانیشی ماوەیەکی دەویست تا خەڵکی کورستان بەخۆیان بێنەوە و توێژە کۆمەڵایەتییەکەی داینەمۆی کاری رێکخراوەیی بگەنە ئەو ئاستەی رێکخراوێکی سیاسیی کوردی دابمەزرێنن، رێکخراوێك رۆڵی راستەقینەی لە ئاراستەکردنی سیاسیی و جەماوەری لە کوردستاندا هەبێت، وەرچەرخانێکی چۆنایەتی لە شانۆی

سیاسیی جوڵانەوەی کوردیدا بهێنێتە دی. (سەردەشتی، 2011، ل156).
ناوچە کوردییەکان لەم بارودۆخەدا کەوتبووە بندەستی چەند هێزێك، ناوچەکانی خوارووی کوردستان لە سەقزەوە بۆ کرماشان هێزی ئینگلیزی تێدا بوو و لەشکر و دەسەڵاتی ئێرانیشی تێدا مابوو، ئەمەش وای کردبوو ڕێگەی جموجۆڵی سیاسی لە کورد گیرابوو، ناوچەکانی باکوور و ناوەڕاستی کورستانیش کەوتبووە بندەستی سۆڤیەت، لەشکری سۆڤیەت لەم ناوچەیە دەستی لە کاروباری ناوخۆی وەرنەدەدا، بەڵام ڕێگەیشی نەدەدا حکومەتی تاران جوڵانەوەی خەڵك سەرکوت بکات. (زادە، 2008، ل53). ناوچەی مەهاباد، بارودۆخێکی سەقامگیری هەبوو، چونکە نە لەشکری ڕۆژئاوای تێیدا جێگیر بوو، نە لەشکری سۆڤیەت، ئەمەش دەرفەتێکی باشی بۆ جوڵانەوەی سیاسی ڕەخساندبوو. (ئەمین، 2007، ل63). لەلایەکی دیکەوە شەپۆلی دیموکراتیخوازی و دژایەتیکردنی فاشیزم و بڵاوبوونەوەی هزری ئازادیخوازی و مافی چارەی خۆنووسین و دامەزراندنی جیهانێکی بێ کۆلۆنیالیزم و چەوساندنەوە لە سەرانسەری ئێراندا لە گەشەسەندندا بوو، بەتایبەت لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی سۆڤیەتدا کە موکریانیشی دەگرتەوە، ئەمانە کاریگەرییان خستە سەر گەلی کورد و هۆشیاری سیاسییان بەرز بووەوە، بە تایبەتی لەم کاتە لە ناوەند جاریکی دیکە ڕێکخراو و پارت و یانەی سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان هاتنەوە سەر شانۆی سیاسیی و ڕۆژنامە و گۆڤار و بەرنامەی گروپە سیاسییە جیاوازەکان دەستیان بە بڵاوکردنەوە کرد.(قاسملۆ، 2000، ل27). سەرەڕای ئەمانەش پاش ڕووخانی ڕژێمی شا سنوری دەستکردی ئەمدیو و ئەودیوی کوردستانیش کەند و کۆسپ و تەگەرەی نەما و ڕێگەی هاتوچۆ لە نێوان هەردوو بەشی کوردستان کرایەوە و هاتوچۆ دەستی پێکرد، بێجگە لە پەیوەندی ئابووری، پەیوەندی مەعنەویی و فەرهەنگیی و گۆڕینەوەی گۆڤاری کوردی، لە کوردستانی باشوورەوە دەهاتنە کوردستانی ڕۆژهەڵات و ڕووناکبیر و کەسایەتییە سیاسییەکانی باشوور دەهاتنە ناوچەکانی موکریان و پەیوەندییان درووستکرد. (زادە، 2008، ل53). بێگومان ئەمەش کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی خۆی هەبوو لەسەر بیری نەتەوەیخوازی و جوڵانەوەی سیاسی لەسەر ئەم پارچەیەی کورستان. هێمنی و ئارامی مەڵبەندی موکریان و شاری مەهاباد وای کردبوو کە ئەم شارە ببێتە شوێنی نیشتەجێبوونی بازرگانان و کاسبکاران، ئەمانیش پەیوەندییەکی توند و تۆڵی بازرگانییان لەگەڵ گوندنیشنەکان و عەشیرەتەکانی ناوچەکەدا هەبوو، هەروەها پەیوەندییان لەگەڵ شارەکانی ئازەربایجان، تەوریز و سلێمانی هەبوو، تەنانەت لەگەڵ ناوچە سنوورییەکانی تورکیاش پەیوەندییان هەبوو، هەموو ئەمانە وای کرد شارەزایی وەرگرن لە کاری سیاسیی و ڕێکخراوەیدا، دەیانویست ڕابەرایەتیی سیاسی وەربگرن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە بگرنە دەست و سەرۆك عەشیرەت و موڵکدارەکان بخەنە پەراوێزەوە، بە کوردییەکەی چینێکی بۆرژوازی نوێ دروست بووبوو، کە دەیویست کاریگەری دروست بکات و بوونی خۆی بسەلمێنێت. (سەردەشتی، 2011ل159-160).

لە ڕاستیدا نابێت ئەوەش لەبیر بکەین ناوچەی مەهاباد لە پێشتریش سەرەدەرییان لە خەباتی نەتەوەیی هەبووە، خاوەنی ڕابردوویەکی دوور و درێژن لە جوڵانەوەی نەتەوەیی کوردی. (ئەمین، 2007، ل63). هەر ئەمەش وای کرد لە سەردەمی ڕەزاشا بەشێك لە سەرۆك هۆز و کەسایەتییەکانی کورد دووربخرێنەوە بۆ تاران، بەڵام لەگەڵ ڕووخانی ڕەزاشا ئەم هەلەیان قۆستەوە و گەڕانەوە بۆ کوردستان، هەروەها لە ئەنجامی لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی هێزی سەربازی ئێرانی، کورد توانی هەندێك چەك و تفاق وەدەست بخات، بوونی چەك لە دەست کورد و گەڕانەوەی سەرۆك هۆزە کوردییەکان بارودۆخێکی وەهای خوڵقاند، کە جڵەوی دەسەڵات لە دەستی هێزەکانی سۆڤیەتدا نەمابوو، ناچار بوون ئەم بارودۆخە نوێیە قبوڵ بکەن، لە ڕاستیدا ئەم بارودۆخە نوێیەی کوردستان و ئازەربایجان بە دڵی ڕووسەکان بوو، هەوڵیان دەدا لە قازانجی خۆیان بەکاری بهێنن. (عبدولقادر، 2010، ل83). ئەگەرچی هەستی ناسیۆنالیستی لە شوێنی دیکەی کوردستان هەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی مەهاباد گەورەترین شارۆچکە بوو، کە زۆربەی دانیشتوانەکەی کورد بوون و لە دەرەوەی کۆنترۆڵی ئێرانییەکان بوو، ڕووسەکانیش ڕێگر نەبوون لەو ناسیۆنالیستانەی لە ناوچەکە دەژیان، بۆیە وای کردبوو بیری نەتەوەییخوازی لەم ناوچەیە زیاتر گەشە بکات، بە بەراورد بە ناوچەکانی دیکە. (زادە، 2008، ل53). بەم جۆرە لە مەڵبەندی موکریاندا زەمینەی بوژانەوەی کاری ڕێکخراوەیی و پارتایەتی ڕەخسا، هەروەکو باوە سەرەتا بە گۆڕینەوەی بیر و ڕاو گەرمبوونی کۆڕی ڕۆشنبیران دەست پێ دەکات، لەم بارەیەوە هەژاری موکریانی دەڵێت: نازانم چۆنا و چۆن، چەند کەسێکی تریش بووبوونە هاودەنگمان و شەریکی بیرکردنەوەمان، (واتا بیری ئازادیی کورد و ڕزگاری کوردستان)، کۆمەڵێك کەس بووین، کۆبووبووینەوە حزبێك بووین بێ بەرنامە و تەنزیم. ئاشکرایە کە حزبی ئازادی کوردستان لەو قۆناغە دروست بوو، بڕەوی بە خەباتی نیشتمانی خۆی دەدا. (سەردەشتی، 2011، ل161). لە پاش ئەمیش کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد دروست بوو، خەباتی لەپێناو سەربەخۆیی دامەزراندنی کارگێڕییەکی خۆجێیی بوو بۆ کوردەکانی ئێران و پاشانیش یەکگرتنی هەموو پارچەکانی تری کوردستان لە دەوڵەتێکی سەربەخۆیی خاوەن سەروەریدا. (لازاریف، 2015، ل422).

## تەوەری دووەم:دامەزراندنی کۆمەڵەی ژێکاف و ئامانجەکانی دامەزراندنی ژێکاف

ڕا و بۆچوونی جیاواز هەیە لەبارەی کاتی دامەزراندن و دەستەی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەکە، هەندێك پێیان وایە ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی 1942 دامەزرێنراوە، هەندێکی دیکە دەڵێن کۆمەڵەی ژێکاف هەر حزبی ئازادیخوازی کوردستانە، بەڵام ناوەکەیان گۆڕیوە، ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین چەند بۆچوونێك بخەینەڕوو. لەم بارەیەوە جەمال نەبەز لە کتێبی کۆکراوەی گۆڤاری نیشتماندا دەڵێت: "عەبدورەحمانی زەبیحی کە یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژێکاف و بەڕێوەبەری گۆڤاری نیشتمان بووە، لە پەنجاکاندا پێی گوتم کە گوایە عەزیز زەندی، بەهۆی ئەوەی کە هەندێك لە هاوکارەکانی بە ناپاك دەیان دایە قەڵەم، دوورکەوتنەوە لێی و بەوە حزبی ئازادیخوازی کوردستان تێکچووە، ئیدی ماوەیەك کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ ڕێکخراو مانەوە، هەتا بە نهێنی کۆمەڵەی ژێکافیان دامەزراند لە ساڵی 1942. بۆ ئەمەش یەکەمین کۆبوونەوەیان لە باخێك کردووە لە نزیك مەهاباد، کەواتە بەم پێیە کۆمەڵەی ژێکاف لە گۆڕینی ناو پڕۆگرامی حیزبی ئازادیخوازی کوردستان نەهاتۆتە بوون". (نەبەز، 2010، ل90). هەر لەم بارەیەوە حامید گەوهەری لە کتێبی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان دەڵێت: "دوای گەڕانەوەی بەشێك لە ئەندامانی حزبی ئازادی کوردستان، لە زیندان و سەفەری دەرەوەی وڵات، ناکۆکی لە نێوانیان پەیدا بوو،

دوای نزیکەی ساڵێك لە هەڵوەشانەوەی حزبی ئازادی، حوسێن فروهەری چەند هەڤاڵێکی دیکە لەگەڵ ژمارە ڕوناکبیرێکی تری مەهاباد یەکیان گرتەوە لە 25ی گەلاوێژی ساڵی 1321 بەرانبەر بە 16ئوگستی ساڵی 1942ز ناوی کۆمەڵەی ئازادیخوازیان گۆڕیوە و کردیانە بە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان". (گەوهەری، 2004، ل27).

دیسان ڕاپۆرتێکی دەستەی ناوەندی ژێکاف هەیە کە بۆ (مۆلۆتۆف)ی وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی یەکێتیی سۆڤیەت نێردراوە، لە ڕاپۆرتەکەدا لە 28دیسەمبەری 1944ز دا نووسیویانە، گوتویانە: حزبی ئێمە لە 1938ز دامەزراوە کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ وەختی دامەزراندنی (حزبی ئازادیخوازی کوردستان). بۆیە ڕەحیمی قازی پێی وایە کە کۆمەڵەی ژێکاف لە ساڵی 1938، لە مەهاباد دامەزراوە. (عبدالعزیز، 2016، ل25). وەلێ لە گۆڤاری نیشتمان لە لاپەڕە 2ی هەواڵێك نووسراوە کە جەژنی سەری ساڵی کۆمەڵە لە 25ی گەلاوێژ گیرا، لە ناوەڕۆکیدا دەڵێت: ڕۆژی 25ی گەلاوێژ جێژنی ساڵانەی کۆمەڵە بە شکۆوە گیرا و گەلێ لە ئەندامانی مقالەی باشیان نووسیوە و خوێندیانەوە لە پاشاندا چاپیان دەکەین. (زادە، 2008، ل54). جەلیل گادانی ڕۆژمێری دامەزراندنی کۆمەڵە دەگەڕێنێتەوە بۆ 25ی گەلاوێژی ساڵی 1321ی هەتاوی کە بەرانبەر 1942/8/25ز، لە شاری مەهاباد کە بەشێوەیەکی زۆر نهێنی دەستیان بە خەبات و کار و چالاکی کرد. (گادانی، ب.س، ل20).

لێکدانەوە و ڕا و بۆچوونی جیاواز هەیە، بەڵام دەتوانین بڵێین کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد کە کورتکراوەکەی (ژێکاف) زۆرجاریش کە تەنیا بە کۆمەڵە ناوی دێت لە بەرواری 25ی گەلاوێژی 1321 هەتاوی بەرانبەر بە 16ی ئابی 1942ز، لەلایەن ژمارەیەك لە ڕۆشنبیران و کاسبکارانی شاری مەهاباد لە کوردستانی ئێران وەکو ڕێکخراوێکی سیاسیی نەتەوەیی دامەزراوە. (سەردەشتی، 2011، ل181).

سەبارەت بەدەستەی دامەزرێنەرانی( ژێکاف) دیسان هەندێك ئاڵۆزی لێك نەچوون هەیە، زەبیحی کە سکرتێری کۆمەڵەکە بووە و د. قاسملۆش کە پیاوێکی شارەزای ڕووداوەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بووە، بەم جۆرە ناویان دەبات: (حسێنی فروهەری، عەبدولرەحمانی زەبیحی، عەبدوڕەحمانی ئیمامی، عەبدولقادری مودەڕیسی، نەجمەدین تەوحیدی، محەمەد نانەوازادە، علی مەحمودی، محەمەدی ئەسحابی، عەبدولڕەحمانی کەیانی، سدیقی حەیدەری، قاسمی قادری)، هەروەها مەلا قادری مودەریسی کە خۆی یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە، تەقریبەن هەمان ئەم ناوانە دووبارە دەکاتەوە، بەڵام دەڵێت: ماوەی دوو ساڵ حوسێنی فروهەری سەرۆکی کۆمەڵەکە بووە. (ئەمین، 2007، ل63). دیسان هەژاری موکریانی لەبارەی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژێکاف دەڵێ: لە پاش هاتنی ڕووس بۆ مەڵبەندی موکریان، ئەفسەرێك لەلایەن کۆمەڵەی هیوای کوردستانی بندەستی عێراق نێردرابووە سابڵاخ و دەیویست کەسێك پەیدا بکات، کە گوێ لە ئامۆژگارییەکانی بگرێت، چەند ڕۆژێك لەم و لەو پرسیار دەکات، پێی دەڵێن زەبیحی دەم لەو مەسەلانە وەردەدات. زەبیحی حوسێنی پێ دەناسێنێت و چەند کەسیش ساز دەکات، کە گوێ لەو ئەفسەرە بگرن کە ناوی (میرحاجە). یازدە کەس لە باغی سیسەی سابڵاخ لەگەڵ میرحاج کۆدەبنەوە. لەسەر ئامۆژگاری ئەو، حیزبی (ژێکاف) دادەمەزرێن، ئەوانیش بریتی بوون لە(حوسێن فروهەر، زەبیحی، تەوحیدی مەلا نەجمە، ئیمامی، محەمەدی نانەوا، قادری مودەریسی، محەمەدی یاهو، شاپەسەندی، محەمەدی سەلیمی، قاسم قادری و خالە مەلای داودی) وەختێك زەبیحی منی برد سوێندی دام، بەمنەوە بووینە 20 ئەندام. حوسێن ئەندامی ژمارە یەك بوو، زەبیحی ئەندامی ژمارە دوو، حوسێن سەرۆکی کۆمەڵەی ژێکاف بوو.(موکریانی، 2018، ل53). ئەمانە و چەندین سەرچاوەی دیکە باس و خواسی جیاواز لەبارەی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەوە دەدوێن، بەڵام لە زۆرینەیان ئەو یازدە کەسە بە دامەزرێنەری کۆمەڵەکە و حوسێنی فروهەری بە یەکەمین سەرۆکی کۆمەڵەکە دەدەنە قەڵەم، دەتوانین ئەم چەند بۆچوونەی سەرەوە بەهەند وەربگرین لەمەڕ دەستەی دامەزرێنەرانی کۆمەڵە کە هەموویان هاوڕان لە گێڕانەوەی زانیاریەکانیان.

ئەندامیەتی

لەبارەی بوون بە ئەندام هەژاری موکریانی دەڵێت: "بۆ بوون بە ئەندام دەبوو سوێند بخۆی، بەڵام بەداخەوە تەواوی سوێندەکەم لەبیر نەماوە، بەڵام تێیدا هاتبوو، بە قورعان و ئاڵای کوردستان و شەرەفم لەمڕۆوە بە دڵ و بە گیان بۆ ئازادی کوردستان تێدەکۆشم و تا مردن قسور ناکەم، هیچ بەرژەوەندیەك وەپێش بەرژەوەندی و خزمەت بە وڵاتەکەم ناخەم، برای حزبیم بەقەد خۆم خۆش دەوێت، هەتا مردن بە زمان، بە قەڵەم، بە ئیشارەت، بە هیچ جوێ خیانەت لە حزب ناکەم و ڕاستی لێ نالێم و ناوی نهێنی ئەندامان ئاشکرا ناکەم، لە دوای سوێند خواردن، بردیانمە ژوورێکی دیکە لەوێ پتر لە (دە) لاوی کوردی لێ بوو، پێیان گوتم ناوێکی نهێنی بۆ خۆت هەڵبژێرە و ژمارەی ئەندامیەتیت ببیستە". (موکریانی، 2018، ل52).

لەبارەی وەرگتنی ئەندامی نوێوە لە پەیڕەوی ناوخۆیدا هاتووە:

- ئەندامی نوێ دەبوو لە لایەن ئەندامانی کۆنی حزبەوە پشتگیری لێکرابووایە تا دەبوو بە ئەندام.
- هەروەها کەسانێك لە حزبی ئێمەدا وەردەگیرێن کە خاوەنی ڕابردوویەکی پاك بن و کار بکەن و بێکار نەبن.
- پرۆگرامی حزبی ئێمە قبوڵ بکەن.
- بڕیارەکانی حزب بەڕێوەبەرن.
- پەیوەندییان بە ڕێکخراوی دیکەوە نەبێت، ئەگەر پەیوەندییان بە ڕێکخراوێکی دیکەوە هەبێت دەبێت بیپچڕێنن و حزبی لێ ئاگادار بکەنەوە.
- بەبێ ئیزنی حزب مافی پەیوەندی دروستکردنیان لەگەڵ حزبێکی دیکە نییە.
- هەر کام لە ئەندامانی حزب مانگانە بەلایەنی کەم تمەنێك دەدەنە حزب، ئەوانەی باری ئابووریان باشە بەڕادەی توانای دارایی خۆیان یارمەتی حزب دەدەن. ( گەوهەری، 2004، ل54).

بە پێی قسەی قادری مودەرسی بێت، کەسێك بۆ ئەوەی ببێت بە ئەندام دەبوو سەرەتا بچووبایە حەمام و لە ڕوانگەی ئاینیەوە خۆی خاوێن بکردایەتەوە ئەوجار دەهاتە لای سێ کەس لای ئەوان حەوت جار بە قورئان سوێندی دەخوارد، جگە لەم سێ کەسەش کەسی دیکەی نەدەناسی، کۆمەڵە پەیڕەوی ڕێکخستنی نهێنی و شانەی بچووکی دەکرد. (صمدی، 1981، ل14).

مەرجی سەرەکی لە ژێکاف بۆ بوون بە ئەندام کوردبوون بوو، هەموو کوردێك لە هەر پارچەیەکی دیکەی کوردستان بووایە دەیتوانی ببێت بە ئەندام، جگە لە کورد هیچ نەتەوەیەکی دیکە بۆی نەبوو ببێت بە ئەندامی کۆمەڵە، تەنیا ئاشوورییەکان نەبێت، ئەویش بەمەبەستی پتەوکردنی پەیوەندییەکان و ئەو مێژووەی لە نێوان کورد و

ئاشوورییەکان هەبووە. (سەردەشتی، 2011، ل183).

لەپاش ئەوەی ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵە گەیشتە سەد ئەندام، لە مانگی نیسانی1943ز کۆبوونەوەی دووەم ئەنجامدرا، کە وەك کۆنگرەی دامەزراندن ئاماژەی بۆ دەکرێت، لەمیانیدا بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی درا و (حوسێن فروهری) کرا بە لێپرسراوی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە، بەرپرسی لێژنەکان دیاریکران وەکو لێژنەی ڕاوێژکاری و چاپ و بڵاوکردنەوە و بەرپرسی مالی و لەگەڵ چەند ڕاوێژکارێك، کۆی هەموو ئەندامانی باڵا (14) کەس بوون. (سەعید، 2006، ل71).

## پەیڕەوی ناوخۆ و ئامانجەکانی کۆمەڵەی ژێکاف

کۆمەڵەی ژێکاف کۆمەڵەیەکی نهێنی بوو، پرۆگرامێکی نووسراوی لەبەردەستدا نییە، ئامانجەکانی بەڕوونی بخاتەڕوو، بۆ خوێندنەوەی بیری کۆمەڵەی ژێکاف دەبێ لە دوو توێی یاداشتەکانی بۆ حکومەتی ئێران و وتارەکانی ناو ژمارەکانی گۆڤاری نیشتمانی بڵاوکراوەی بیری کۆمەڵەی ژێکاف و لەوانیش لەو نامە تایبەتانەی کە بۆ مەلا مستەفای بارزانی ناردویەتی بگەڕێین. (ئەمین، 200764).

لەبارەی پەیڕەوی ناوخوی کۆمەڵەکەوە، لە گۆڤاری نیشتماندا هاتووە:

- کۆمەڵەی ژێکاف لەسەر چوار کۆڵەکەی، ئیسلامەتی، کوردایەتی، مەدەنیەت، سوڵح و ئاشتیخوازی دانراوە و هەموو قانون و نیزامەکانی لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامدا تەتبیق دەکرێ و ئینجا دەخرێتە کار.

- بەهۆی پابەندبوونی بەشی زۆری نەتەوەی کورد بە ئاینی ئیسلام، کۆمەڵە تەنیا ئاینی ئیسلام بەڕەسمی دەناسێت.

- کۆمەڵە هەمو عەشیرەتە کوردییەکان بە چاوێك تەماشا دەکات و بۆ برایەتی تێدەکۆشێ. (مەدەنی، 2018، ل295).

دیسان لەبارەی ئامانجەکانی کۆمەڵەی ژێکاف، لە یەکەمین ژمارەی گۆڤاری نیشتماندا دەڵێت: خەونی ئێمە هێنانە دی کوردستانێکی گەورەیە کە هەموو کوردێك بەسەربەستی تێیدا بژیێت، واتە ئامانجی یەکگرتنی کوردستانی پارچە پارچەکراوە، بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، بەڵام ئەو ڕێچکەیەی کە ژێکاف گرتبوویە بەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ڕێچکەیەکی ئاشتیخوازانە بوو، لێ لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕێگەیەی کە گرتوویەتیە بەر بە مانای ئەوە نییە ئامادەی فیداکاری نییە. (نەبەز، 2010، ل97).

لە ساڵی 1944ز کە جەنگی دووەمی جیهانی بەرەو برانەوە دەچوو، کۆمیتەی ناوەندی ژێکاف کۆبوونەوەیەکی کرد بۆ دانانی ڕێوشوێن بۆ دوارۆژی کورد، لەو کۆبوونەوەیەدا کۆمیتەی ناوەندی چەند بڕیارێکی مێژوویدا، ئەویش ئەمانە بوون:

- هەر کە شەڕ کۆتایی هات دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان ڕادەگەیەنرێت.
- خاکی ئەم دەوڵەتە لە ناوچەی ژووروی عێراقەوە دەست پێدەکات و بە بانەدا ئینجا بەسەقز و هەموو ناوچەکانی لای سنووری ڕۆژهەڵاتی عێراق تا شاخەکانی دالانپەر لە سنوری تورکیا، وە خوارووی ئەم سنوورە لە ڕۆژئاوای ماکۆوە بە کەناری ڕۆژئاوای گۆمی ورمێدا بەرەو خوارووی ناوچەی ئەفشار دەبێت.
- ڕژێمی ئەم دەوڵەتە کۆماری دەبێت.
- بۆ پاراستنی دەوڵەت ژێکاف لەشکرێکی بەرگری پێك دەهێنێت.
- پێویستە لەسەر کۆمەڵە بەشەکانی تری کوردستان ڕزگار بکات. (ئەمین، 2007، ل66).

بەپێی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەو دەمەدا دەهاتنە کایەوە، ژێکاف جۆرە دەستکارییەکی لە ئامانجەکانی کردبوو، ئەمەش لەو یاداشتنامەیە دەردەکەوێت کە لە ساڵی 1945ز، داویانەتە ئاغایی (فەهیمی) نوێنەری حکومەتی ئێران کە چووبووە مەهاباد، یاداشتنامەکە لە حەوت خاڵ پێکهاتبوو، کە بریتین لە:

- ئامانجی دوایمان خودموختارییە بۆ کورد، لە دوای تەواوبوونی جەنگ، کورد خۆی بڕیار لە چارەنووسی خۆی دەدات.
- ئەگەر کورد بڕیاری چارەنووسی خۆی دا، ئەو کات ئێران وەکو هاوسێ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. (کەریم، 2013، ل112).
- پێویستە حکومەتی ئێران دانبنێت بە زمانی کوردیدا، وەکو زمانی (3) ملیۆن کوردی ناوچەی کوردستان.
- زمانی کوردی بکرێتە زمانی ڕەسمی خوێندن و بەڕێوەبردن و دادگاکانی کوردستان.
- هەموو باج و دەرامەتی کوردستان لە پرۆژەی خزمەتگوزاری ناوچەکانی خۆیاندا خەرج بکرێنەوە.
- کارمەندی دەزگاکانی کوردستان کورد بن.
- ئەم داواکارییانە لە مەجلیسی ئێران باس بکرێت. (عەزیز، 2006، ل74).

## تەوەری سێیەم: کار و چالاکی و بڵاوکراوەکانی ژێکاف

### کار و چالاکییەکان:

کۆمەڵەی ژێکاف لە سەرەتاوە چالاکییەکی ئەوتۆی نەبوو، ڕەنگبێ هۆکاری ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بە نهێنی کاریان دەکرد، لە سەرەتادا لەناو خەڵکدا دیار نەبوون، بەڵام لە دوای ئەنجامدانی کۆبوونەوەی 13ی مای 1943، گەلێك چالاکی زەق و بەرچاویان ئەنجامدا، هەرچەندە بەشێك لە چالاکییەکان بە ناڕاستەوخۆ ئەنجامیانداون و خەڵکی نەیانزانیوە ئەوانن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو چالاکیانە مێژووی پڕشنگداری خەباتی کۆمەڵەی ژێکافن، کۆمەڵە جیا لەو هەنگاوانەی کە بۆ یەکێتی کوردان لە هەموو پارچەکانی کوردستان ناویەتی، لەپێناو دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان هەوڵیداوە.(گەوهەری، 2004، ل54).

هەوڵ دەدەین بەشێك لە چالاکییەکانی بخەینەڕوو:

### چەککردنی شارەوانی مەهاباد:

ژێکاف ڕێبەر و ڕێکخەری یەکەم هێرشی جەماوەری شاری مەهاباد بوون لە دژی دواین ئاسەواری دەوڵەتی پاشایەتی، لەو جوڵانەوە جەماوەرییەدا، خەڵکی توانیان لە ماوەیەکی کورتدا دەست بەسەر شارەوانی ئەو شارەدا بگرن، ئەمە تەنیا کردەوەیەکی عەسکەری نەبوو، بەڵکو زیاتر مەبەستێکی سیاسی لە پشت بوو ، بە لەناوبردنی ئەو ناوەندە سەرکوتکەرە، خەڵك دەیتوانی بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ چالاکی

سیاسی ئەنجام بدات. (زادە، 2008، ل62).

دیاریکردنی ئاڵای کوردستان:

(هاشموّڤ) و (ئەکبەروّڤ) له ڕاپۆرتێکی خۆیاندا که بەناوی کونسوڵی سۆڤیەت له ورمێ له ساڵی 1945ز ئاڕاستەیان کردووه لەبارەی دروستکردنی ئاڵا، لەلایەن ژێکافەوە دەڵێن: پارتی ژێکاف ئاڵای نەتەوەیی بۆ کوردستان دروست کردووە، که بریتییه له سێ ڕەنگ و ڕەنگەکانیش به پێچەوانەی ئاڵای دەوڵەتی ئێرانە. ڕەنگی سوور لەسەرەوەیە، لەژێر ئەو ڕەنگی ڕەنگی سپییە، له خوارەوەیش ڕەنگی سەوزە له ناوەندەکەیشی هەتاوی تێدا کێشراوە. (عبدالعزیز، 2016، 83).

کردنەوەی کۆمیتە له شارەکان:

کۆمەڵەی ژێکاف له ماوەیەکی کەمدا کار و چالاکییەکانی زۆر گەشەیان سەند و له زۆربەی شارەکان کۆمیتەی کردەوە لەوانە له سەقز، سەردەشت، سنە، بۆکان، دامەزراند و ڕۆژ له دوای ڕۆژ نفوزی له پەرەسەندندا بوو، بنکەی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە زیاتر لەناو چینی ناوەندی خەڵکی کاسبکاری شار و لادێ نشینان بوو. (قاسملۆ، 2000 ، ل28).

کردنەوەی لقی کوردستانی عێراق:

له ئەنجامی گەشەسەندنی زیاتر و بەرەوپێشچوونی کاری ڕێکخراوەیی، کۆمەڵە بڕیار دەدات لقی خۆی له کوردستانی باشوور بکاتەوە، ئەوە بوو لقی سلێمانی له مانگی ئابی ساڵی 1944ز، کرایەوە و ئیبراهیم ئەحمەد کرا به بەرپرسی لق، کار و چالاکییەکانی لقەکە له شارەکانی کەرکووك، هەولێر، شەقڵاوە و کفری ئەنجام دەدرا. (عەبدوڕەحمان، 2004، ل98-99).

## ئەندامیەتی قازی محمد

کۆمەڵەی ژێکاف تا دەهات پەرەی دەسەند و له ناو خەڵکدا خۆشەویستتر دەبوو، هەستی کوردایەتی بوژابووەوە. ڕووداوەکان ڕوویان لەوە بوو کورد هەلی بۆ بێتە پێشەوە هەندێ دەسکەوتی نەتەوەیی بەدەست بهێنێ، لەو هەلومەرجەدا کۆمەڵە پێویستی به سەرکردەیەکی ناسراو هەبوو تا ڕابەرایەتی بکات، کۆمەڵە لەسەرەتای دامەزراندنیدا بڕیاریدابوو سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورد نەداتە دەستی شێخ و ئاغا یان دەرەبەگی. (ئەمین، 2008، ل79). لەم بارەیەوە عەزیز شەمزینی دەڵێ: "قازی محمد چەند جارێك داوای کردووە له ڕیزەکانی کۆمەڵە وەربگیرێت، بۆ ئەم مەبەستەش سەردانی کۆمیتەی ناوەندی کردووە، بەڵام کۆمیتەی ناوەندی پاش پرس و ڕاگۆڕینەوە ڕازی نەبوون قازی له ڕیزەکانی وەربگرێت". (شەمزینی، 2006، ل319).

هەژار که یەکێك بووە له ئەندامە چالاك و سەرەتاییەکانی ژێکاف لەم بارەیەوە دەڵێ: "ئێمە هەستمان دەکرد، که عەشایەر و خەڵکی چەتون، هەتا نەزانن سەرۆکمان پیاوێکی زل و شیاوی حورمەت گرتنە هیچ کەس به حوسێن ڕازی نەدەبوو، ئەوسا داوامان له قازی کرد، که ببێتە حزبی و قبوڵی کرد و زوو بڕیاردرا قازی بکرێتە سەرۆکی کۆمەڵە". (موکریانی، 2018، ل69).

هەر لەم بارەیەوە حامید گەوهەری پێی وایە که قازی محمد له پاش 1944/10/2ز، بووەتە ئەندامی ژێکاف و سوێندی خواردووە، ناوی نهێنی (بینایی) بووە و ژمارەشی(40) بووە. (گەوهەری، 2004، ل109). ئاشکرایە هاتنی قازی بۆ ناو ڕیزەکانی کۆمەڵە، ڕۆڵێکی کارای هەبوو له گەشەسەندنی چالاکییەکانی و وتار و بیر و باوەڕەکانی لەمەڕ ژێکاف هانی ژمارەیەکی زۆری له کەسایەتیی و پیاوماقوڵانیدا بێنە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ژێکافەوە. (سەردەشتی، 2011، ل190).

له ئەنجامی گەشەی بەرچاوی کۆمەڵەی ژێکاف، شای ئێران هەوڵی لەناوبردنی داوە، له بەڵگەنامەیەکدا له 1945/11/5ز که باس له گەشەکردنی چالاکییەکانی ژێکاف دەکات، نووسراوێکی ڕەسمییە، له مەڵبەندی نیشتمانی بەڵگەنامەکانی عێراق پارێزراوە، باس له هەوڵێکی شای ئێران دەکات بۆ لەناوبردنی کۆمەڵی ژێکاف دەڵێت: شای بەشکۆی ئێران محمد ڕەزاشا به شەخسی دەستی کردووە به ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەی کورد، لەسەر ئەم بنەمایە، له گیرفانی خۆی 100 هەزار تمەنی تەرخانکردووە بۆ له ناوبردنی کۆمەڵەی ژێکاف، ئەم بڕە پارەیەی به نهێنی ناردووە بۆ والی ڕەزایە و سەرکردەی تیپی چواری ئێرانی، بۆ له ناوبردنی سەرانی کورد که ئەندامی کۆمەڵەی ژێکافن. (عبدوالعزیز، 2016، ل95-96).

## بڵاوکراوەکانی ژێکاف

گۆڤاری نیشتمان:

له پاش کۆنگرەی نیسانی 1943ز، پاش هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی کوردستان، چەند بڕیارێکی گرنگ درا، یەکێك لەو بڕیارانە بڕیاری دەرکردنی گۆڤاری نیشتمان بوو، وەکو ئۆرگانی ژێکاف و بیر و بۆچوون و هەڵوێستەکانی کۆمەڵەی تێدا بڵاو دەکرایەوە. (سەردەشتی، 2011، ل184).

یەکەمین ژمارەی گۆڤاری نیشتمان وەکو لەسەر بەرگەکەی نووسراوە له مانگی پوشپەڕی 1322 هەتاوی بەرانبەر مانگی تەموزی 1943ز دەرچووە، گۆڤاری نیشتمان هەمووی دە ژمارەی لێدەرچووە، ئەم دە ژمارەیە له حەوت بەرگدا دەرچوون، ژمارە (3و4)ی له بەرگێکدا و ژمارە (7و8و9)ی له بەرگێکدا و، شەش بەرگی نیشتمان له ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرچووە، بەسەرپەرشتی عەبدوڕەحمانی زەبیحی، لەمبارەیەوە جەمال نەبەز دەڵێ: زەبیحی له پەنجاکاندا بۆی گێڕامەوە که نیشتمان له چاپخانەی کابرایەکی ئەرمەنی له تەورێز بەدزییەوە چاپ دەکرا، هەروەها دەڵێ زەبیحی گوتی ژمارەی (10)ی نیشتمان، پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان دەرچووە. ئەم ژمارەیەی له شاربازێر دەرچووە، له کاتێکدا زەبیحی له لای شێخ لەتیفی شێخ مەحموود پەنابەر بووە. ( نەبەز، 2010، ل85).

به نموونە له ژمارە (5) له بەرگی گۆڤارەکە له لای سەرەوە، له ناوەڕاستی نوسراوە (الله) هەر له سەرەوە لەلای چەپی نووسراوە بژی کورد، بژی کوردستانی گەورە، له ناوەڕاستی خۆرێك هەیە و لەناویدا به پیتی لاتینی نوسراوە(**J.K**) هەروەها له ژێر ئەودا نووسراوە نیشتمان بڵاوکراوەی بیری کۆمەڵەی ژێکاف، کۆوارێکی ئەدەبی، خوێندەواری کۆمەڵایەتی، سیاسیی و مانگی کوردییە، له ژێر ئەو له ناوەڕاستی نوسراوە، ژمارە 5 ساڵی یەکەم، ڕێبەندانی 1343، له خوارەوەش وێنەیەکی سەلاحەدینی ئەیوبی دانراوە و بەیتە شیعرێك له بنیدا نووسراوە:

تۆ نەمردووی ئەی سەلاحەدینی ئەیوبی نەسەب

هەربژی ئەی شاهی کورد ئەی فەخری عەرەب (نیشتمان، 1943، ب.ل).

گۆڤاری نیشتمان ڕۆڵێکی گرنگی دەبینی له هۆشیارکردنەوە و به ئاگاهێنانەوەی کورد، بۆ تێکۆشان لەپێناو سەربەستی کورد، له پاش دروستبوونی لقی کوردستانی عێراق دەگەیشتە دەستی نیشتمانپەروەرانی باشووری کوردستانیش، ئەوەندە کاریگەر بووە

هەردوو حکومەتی ئێران و عێراق لە هەوڵی ڕاگرتن و دۆزینەوەی شوێنی لە چاپدانی بوون، ئەمەش لە چەند بەڵگەنامەیەکی باڵوێزی ئێران لە بەغداد و کونسوڵخانەی عێراق لە تەوریز دەردەکەوێ کە داوایان لە حکومەتەکانیان کردووە کە چاپخانەکەی بدۆزنەوە و ڕایگرن. (قادر، 2004، ل31).

جگە لە گۆڤاری نیشتمان ژێکاف دوو بڵاوکراوەی دیکەشی هەبووە ئەوانیش:

ڕۆژمێری کوردی:

کۆمەڵەی ژێکاف دوو ساڵ لەسەر یەکتر لە ساڵی 1943 و 1944ز، دوو ڕۆژمێری کوردی چاپ و بڵاوکردۆتەوە، لە ڕۆژمێری ساڵی 1943ز لەژێر ناوی پەیامێکی کۆمەڵە بۆ دایکی نیشتمان بڵاوکراوەتەوە، هەروەها لە ژمارەی ساڵی 1944ز لەژێر ناوی پەیامی کۆمەڵە بۆ دایکی نیشتمان بڵاوکراوەتەوە، لە هەردوو بڵاوکراوەکەدا بڕەودان بە گیانی نیشتمانی و خەباتکردن لە پێناو کوردستان، قسەی لە بارەوە کراوە. (ئەمین، 2008، ل74-75).

دیاری کۆمەڵەی ژێکاف:

کۆمەڵە لە ساڵی 1943ز، چەند کۆمەڵە شیعرێکی لە نامیلکەی سەربەخۆدا بڵاو کردۆتەوە لە ژێر ناوی (دیاری کۆمەڵە بۆ لاوانی کورد، دیاری مەلا مەحمودی کۆیی، گوڵبژێرێك لە دیوانی حاجی قادری کۆیی، دەستە گوڵێکی جوان و بۆنخۆش لە باغی نیشتمانپەروەری) بێگومان ئامانجی سەرەکی هەر یەك لەم بڵاوکراوانە بزواندنی هەستی نیشتمانپەروەری و کوردایەتی بووە. (سەعید، 2006، ل77).

## تەوەری چوارەم: پەیوەندییەکانی ژێکاف و هەڵوەشاندنەوەی:

پەیوەندییەکانی ژێکاف

پەیوەندی لەگەڵ پارچەکانی کوردستان:

هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە ژێکاف پەیوەندییەکی توند و تۆڵی هەبوو لە گەڵ حزبی هیوا، هەندێك جار دەڵێن ژێکاف لقێك بووە لە هیوا، چونکە دامەزراندنی ژێکاف بە ئامادەبوون و ڕێنوێنی میرحاج ئەحمەد، نوێنەری حزبی هیوا بووە. بە تایبەت لە کۆنگرەی دووەمدا، میرحاج دەورێکی ئەساسی هەبووە، لە بەڕێوەبردنی کۆنگرەکەدا (حەمە ئەمین، 2021، ل8). هەڵبەت سەرکردایەتی ژێکاف نەیان دەویست کار و چالاکییەکانیان تەنیا لە مەهاباد قەتیس بکەن، بۆیە لەپێناو پتەوکردنی پەیوەندی لە نێوان پارچەکانی کوردستان، نوێنەریان ناردووەتە باشوور و باکووری کوردستان، بۆ ئەم مەبەستەش یەکێك لە ئەندامە ناسراوەکانی خۆی کە محەمەد شەرەفی، لە ئاداری 1944ز هاتۆتە باشووری کوردستان، ناوبراو لە کاتی سەردانەکەیدا، سەردانی شاری کەرکوك و سلێمانی کردووە و چاوی بە ئەندامانی سەرکردایەتی حزبی هیوا کەوتووە. (عبدورەحمان، 2004، ل95-96). هەر لە هاوینی هەمان ساڵدا (ئیسماعیل حەقی شاوەیس و عوسمان دانش) سەردانی مەهاباد دەکەن و چاویان بە ڕابەرانی کۆمەڵە دەکەوێت، لە ئەنجامی بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی کۆمەڵە لەگەڵ تێکۆشەرانی پارچەکانی دیکەی کوردستان، لە ئابی 1944ز لە چیای (دالانپەر) کە دەکەوێتە سنوری (ئێران - عێراق - تورکیا) بە ئامادەبوونی شێخ عەبدوڵای زینو لە باشوور و قاسمی قادری لە ڕۆژهەڵات و قازی مەلا لە باکوور کۆبوونەوەیەکیان گرێدا، بۆ هاوکاریکردنی یەکتر لەپێناو بەرژەوەندییەکانی کوردستانی گەورە پەیماننامەیەکیان بەناوی (پەیمانی سێ سنوور) مۆرکرد. (سلوبی، 1987، ص230).

چالاکی و جموجۆڵەکانی ژێکاف لە گەڵ پارچەکانی تری کوردستان ترسی لای حکومەتەکانی تورکیا و عێراق و ئێران دروستکرد بوو، لە لایەکی دیکەوە بەریتانیاش لە ڕێگەی جاسوسەکانییەوە هەستی بە جموجۆڵەکانی سەر سنوور کردبوو، بۆیە هەوڵی دەدا زانیاری لەسەر ژێکاف و کار و چالاکییەکانی کۆبکاتەوە، ئەم چاودێریانە توندتربوون بە تایبەت پاش سەرهەڵدانی شۆڕشی بارزان لە ساڵی (1942-1945)ز، بە ڕابەرایەتیی مستەفا بارزانی و ژێکاف هەوڵیداوە پەیوەندی لەگەڵ دروست بکات و نامەیەکی نهێنی ئاراستەی بارزانی کردووە و داوای کردووە ڕاپەرینەکە بکات بە سەرتاسەری و یارمەتی بۆ بارزانی بنێرێت، بەم پێیە ژێکاف لەو قۆناغەدا پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ پارچەکانی کوردستان دروست کردووە و هەوڵیداوە یارمەتی شۆڕش و جوڵانەوە کوردییەکان بدات. (سەردەشتی، 2011، ل187).

### پەیوەندییەکانی ژێکاف لەگەڵ وڵاتان:

ژێکاف ئەگەر پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەبووبێ لەگەڵ وڵاتاندا، لەگەڵ ڕووسەکاندا هەیبووە، بەڵام پەیوەندییەکە ڕەهەندێکی ئایدۆلۆژی نەبووە، بەڵکو تەنها بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی سۆڤیەت بووە بۆ کورد، هەرچەندە لە سەرەتادا سۆڤیەت هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ ژێکافدا نەبوو، وەڵامی داواکرییەکانی نەدەدایەوە، بەڵام پاش ئەوەی ژێکاف خۆی سەلماند و جەماوەرێکی زۆری لە دەور کۆبوویەوە، سۆڤیەت بۆی دەرکەوت ژێکاف بووەتە ڕاستیی و نکۆڵی لێ ناکرێت، بۆیە پەیوەندی لەگەڵدا دروستکرد.(سەعید، 2006، ل83-84). ژێکاف لەپێناو بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سۆڤیەت هەوڵیداوە ڕێکخراوی کولتووری سۆڤیەت-کوردستان دروستبکەن، بەڵام وا دیارە ئەوان بە ناوی کوردستان قایل نەبوون وەکو لە یەکێك لە بەڵگەنامەکاندا هاتووە کە ڕاپۆرتی کۆمەڵەی پەیوەندی کولتووری سۆڤیەتە لەگەڵ ئازەربایجان، دەڵێ: عەبدورەحمان زەبیحی سەردانی کردووین و داوای کردووە ئیجازەی بدرێتێ ڕێکخراوی کولتووری لەگەڵ سۆڤیەتدا لە کوردستان دروست بکەن و سەربەخۆش بێت، بەڵام دەڵێ پێمان ڕاگەیاند کە ئێمە ناتوانین ئەو پێشنیارەی تۆ قبوڵ بکەین، بەڵکو ئەگەر دەتانەوێت ناوی دەنێین کۆمەڵەی پەیوەندییەکانی کولتووری ئێران لەگەڵ سۆڤیەت، چونکە ئێران وڵاتێکە دۆستی ئێمەیە و ئێمە ناتوانین بەو ناوەی ئێوە دەتانەوێت دروستی بکەین، بەڵام دیارە دواتر لەسەر پێداگری ژێکاف ئەو ڕێکخراوە بە ناوی کوردستان دروست کراوە لە مەهاباد. (هەورامی، 2008، ل124). هەروەها ژێکاف پشتیوانی لە داواکاری سۆڤیەت کردووە بۆ پێدانی ئیمتیازاتی نەوتی ئێران دوای ئەوەی حکومەتی ئێران، ڕازی نابێت بە پێدانی ئیمتیازاتی نەوتی بە سۆڤیەت، ئەوا کۆمەڵەی ژێکاف بەیاننامەیەك بڵاودەکاتەوە و پشتگیری خۆی بۆ یەکێتیی سۆڤیەت دەردەبڕێ، ڕای دەگەیەنێت (3) ملیۆن کورد پشتیوانی سۆڤیەت دەکات، سەرەڕای ئەم هەوڵانەی ژێکاف، دەردەکەوێ ڕووسەکان پشت لە کورد دەکەن و هۆکارێکن بۆ هەڵوەشانەوەی ژێکاف لە ساڵانی دواتر. (سەردەشتی، 2011، ل195).

هەرچی سەبارەت بە پەیوەندییەکانی ژێکاف لەگەڵ بەریتانیا، هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی نەبووە، بەڵام لە ژمارەیەکی گۆڤاری نیشتمان بە مەبەستی ڕاکێشانی سۆز و عەتفی بەریتانیا، بەریتانیای نەك هەر بە دۆستی کورد دادەنێ، بەڵکو بە ئاڵا

هەڵگری ئازادی هەموو گەلان و گەلی کورد دەناسێنێت، هەڵبەت ئەمەش هەوڵێکی سیاسیی تەکتیکی بووە، تەنانەت بەریتانییەکان، بە گومانەوە لە ژێکافیان دەڕوانی، بە چاوی دۆست تەماشایان نەدەکردن. (قاسملو، 2000، ل27).

## هەڵوەشاندنەوەی ژێکاف

لەبارەی هەڵوەشاندنەوەی ژێکاف و دامەزراندنی حزبی دیموکرات لە شوێنی، لەم بارەیەوە جەلیل گادانی پێی وایە ژێکاف نەیتوانیوە ئامانجەکانی خۆی بەدی بهێنێت، باسوخواسێکی لەمەڕ دیموکراسی و خودموختاری بۆ کورد پێ نەبوو، نەیتوانی گەشە بسێنێت، بە تایبەتی فەزای سیاسیی ئێران بەرەو دیموکراتیزەبوون دەچوو، حزب و ڕێکخراوی نوێ هاتبوونە گۆڕێ، بۆیە پێویست بوو ئاڵوگۆڕێك لە کۆمەڵە بێتە دی و بەرنامەیەکی نوێ بۆ تێکۆشان دیاری بکرێت. (گادانی، ب.س، ل21-22). هەر لەم بارەیەوە حامید گەوهەری هۆکاری هەڵوەشانەوەی ژێکاف بۆ دوو هۆکار دەگێڕێتەوە یەکەمیان هۆکاری ناوخۆییە کە پێی وایە، ستراتیژیەتی کۆمەڵە بۆ ئەو ڕۆژگارە نەدەگونجا، چونکە کۆمەڵە ستراتیژێکی ڕوونی نەتەوەیی هەبوو، داوای یەکگرتنی پارچەکانی کوردستان و دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ کورد دەکرد، کە ئەمەش ڕامان دەکێشێ بۆ هۆکاری دووەم کە ئەویش دژایەتیکردنی وڵاتانی زلهێزی ناوچەکە کە لەگەڵ ئەو بیر و بۆچوونە نەبوون و لە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەوان بوو. (گەوهەری، 2003، ل161-162). هەر لەم بارەیەوە هەژاری موکریانی دەڵێ ڕووسەکان لە ناوی ژێکاف ڕازی نەبوون، لەبەر ئەوەی بۆ ئازادی کوردستان خەباتی دەکرد. (موکریانی، 2018، ل73).

ژێکاف لە ڕێچکەی خۆیی لایدابوو، خەڵکانی نەزان جێگەی خەڵکانی کارزانیان دەگرتەوە، ئەمەش تا دەهات بارودۆخی کۆمەڵەی بەرەو خراپی دەبرد، هەرچۆن بێت پاش سەردانی قازی محەممەد بۆ باکۆ لەوێ لەلایەن (باقرۆف) سەرۆك وەزیرانی ئازەربایجان داوای لێ دەکرێت ناوی کۆمەڵە بگۆڕێت بە حزبی دیموکرات ئەگەر دەتانەوێت هاوکارییەکانی سۆڤیەت بەردەوام بێت بۆتان، هەروەها ژێکاف لە کاری نهێنی بێتە دەرێ و بە ئاشکرا کارەکانی بکات. (صمدی، 1981، ل17-18). هەرچۆن بێت غەنی بولریان دەڵێ لە 24ی ئۆکتۆبەری 1946ز، کۆنگرەی حزبی دیموکرات بەسترا و ناوی ژێکاف و دروشمەکانیان گۆڕی. (عبدالعزیز، 2016، ل151).

## ئەنجام

1- لە ئەنجامی جەنگی دووەمی جیهانی و ڕووخانی ڕژێمی ڕەزاشا، هاوکات بۆشایی هێز لە ناوچەی موکریان، کەش و هەوایەکی ئازاد دروست بوو، زەمینەی خۆشکرد بۆ دروستبوونی کۆمەڵەی ژێکاف.

2- کۆمەڵەی ژێکاف کۆمەڵەیەکی ناسیۆنالستی کوردی بووە، ئامانجی یەکگرتنی هەر چوار پارچەی کوردستان بوو.

3- دەرکردنی گۆڤاری نیشتمان لەلایەن کۆمەڵەی ژێکافەوە، کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە لە سەر بزاوتی ڕۆشنبیریی کوردیی و جوڵاندنی هەستی نەتەوایەتی لای کورد.

4- لە ئەنجامی فشاری سۆڤیەت کۆمەڵەکە هەڵوەشاوەیەوە لە شوێنی ئەو حزبی دیموکراتی کوردستان دروست بوو.

5- هاتنی قازی محەممەد بۆ ڕیزەکانی کۆمەڵە، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە گەشەسەندنی زیاتری ژێکاف.

## لیستی سەرچاوەکان

سەرچاوە کوردییەکان_کتێب


1. ئەمین، نەوشیروان مستەفا، 2006، کورد لە گەمەی سۆڤیەتدا، چ/ سێیەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی.
2. زادە، ئەیوب ئەیوب، 2008، لەژێکافەوە بۆ کۆمارمێژوو نوسی حزبی لە ژێر تیشکی ڕەخنەدا، ب.ش.
3. سابیر، ڕەحیم، 2011، حکومەتی میلی کوردستان، چ/یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
4. سەردەشتی، یاسین، 2011، کوردستانی ئێران، چ/دووەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی.
5. سەعید، هیوا عەزیز، 2006، کۆمەڵەی خۆیی بوون، چاپخانەی یاد، سلێمانی.
6. شەمزینی، عەزیز، 2006، جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان، و/ فەرید ئەسەسەرد، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، سلێمانی.
7. صمدی، سەید محەممەد، 1981، ژی.کاف چی بوو؟ چی دەویست؟ وەچی لێ بەسەرهات؟، مەهاباد.
8. عبدوالعزیز، عمر، 2016، خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ کۆمەڵەی (ژێ.کاف)، چ/دووەم، ناوەندی سارا، سلێمانی.
9. عبدولقادر، نازناز محمد، 2010، سیاسەتی ئێران بەرانبەر بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد، چ/دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.
10. عەبدورەحمان، دڵشاد، 2004، ئیسماعیل حەقی شاوەیس، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر.
11. قادر، مەهدی محمد، 2004، پەرەسەندنە سیاسییەکان لە کوردستان، (1945-1958)، ماستەر نامە، زانکۆی سلاحەدین-هەولێر
12. قاسملو، عبدورەحمان، 2000، چل ساڵ خەبات لەپێناو ئازادی، چ/سێیەم، ب.ش
13. کەریم، عبدوخالق سابر، 2013، بیری نەتەوەیی لە پەیڕەو پرۆگرامی کۆمەڵەو حزبە کوردییەکان کاریگەرییان لە جوڵانەوەی ڕزگاری نەتەوەیی کوردیدا(1919-1945) ماستەر نامە، زانکۆی سلاحەدین-هەولێر.
14. کۆچرا، کرێس، 2011، کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستەمدا، و/ حەمەکەریم عارف، چ/یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
15. گادانی، جەلیل، کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ب1، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
16. گەوهەری، حامد، 2004، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، دەزگایی ئاراس، هەولێر.

17. لازاریف، 2015، مێژووی کوردستان، و/وشیار عبدوللە سەنگاوی، چ/شەشەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵا، هەولێر.
18. ماکداوڵ، دەیڤد، 2019، مێژووی هاوچەرخی کورد، و/ ئەبوبەکر خۆشناو، چ/سێیەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.
19. مەدەنی، حسێن، 2018، کوردستان و ستراتیژیەتی دەوڵەتان، ب2 ، چ/دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
20. مەزهەر، کەمال، 2009، کورد و کوردستان لە بەڵگە نامە نهێنیەکانی بەریتانیا، ب1، چ/دووەم، چاپخانەی گرینکلۆری، لوبنان.
21. موکریانی، هەژار، 2018، چێشتی مجەوەر، کتێبخانەی میدیا، سنە.
22. نەبەز، جەمال، 2010، گۆڤاری نیشتمان، چ/دووەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.
23. هەورامی، ئەفراسیاو، 2008، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەردەمی دووەم جەنگی جیهانی، بنکەی ژین، سلێمانی.

-ــسایتی ئەلیکترۆنی

1. حەمەئەمین، ئەحمەد، کۆمەڵەو ڕێکخراوی سیاسی ئێران-ژکاف، سایتی http://eslahe.com ، دواین سەردانی، 2021/5/3

ــگۆڤار

1. نیشتمان، گۆڤار، زمان حاڵی ژێکاف، ژ، 5، بەرگ، 1943.

ــسەرچاوە بە زمانی عەرەب.

1. سلوپی، زنار، 1987، فی سبیل کوردستان، مزکرات، ترجمە، د.علی، ط1، بیروت، لبنان.